هەرکەسێک فێری تیر هاویشتن بوو پاشان وازی لێهێنا؛ ئەوا ئەو کەسە لە ئێمە نییە، یان سەرپێچی کردووە

لە عوقبەی کوڕی عامرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک فێری تیر هاویشتن بوو پاشان وازی لێهێنا؛ ئەوا ئەو کەسە لە ئێمە نییە، یان سەرپێچی کردووە (ناگوێڕایەڵ بووە)».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

هەرکەسێک فێری تیر هاویشتن یان چۆنیەتی بەکارهێنانی چەک وئامێرە جەنگیەکانی ئەم سەردەمە بێت کە فیشەک وشتی تر بەکاردەهێنن بۆ جیهاد وتێکۆشان لە پێناو خوای گەورە پاشان وازی لێبهێنێت وپشتگوێی بخات، ئەوا تووشی تاوان بووە ودوور کەوتووەتەوە لە ڕێبازی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، وئەم هەڕەشەیە مانای ئەوەیە کە ئەم پشتگوێ خستنە تاوانێکی گەورەیە، بەشی کۆتایی فەرموودەکە گومانێکە لە لایەن گێڕەرەوەی فەرموودەکە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: لە ئێمە نییە، یان فەرموویەتی (سەرپێچی کردووە -ناگوێڕایەڵ بووە).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6401